

رێبین هەردی

**تا ئەم سیستەمە حیزبۆکراتیە لەکوردستاندا باڵادەست بێت، هیچ ئەگەری ریفۆرمێکی راستەقینە نیە. دەبێ باڵادەستی حیزب بەسەر بازاڕ و حکومەتدا کۆتایی پێبێت،**

نەریمان تالیب

**ریفۆرم نەك تەنیا لە ناو سیستمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ناکرێت، بەڵکو گومان لەوەش دەکەم حزبە سیاسییەکانیش لەناو ئۆرگانەکانی خۆشیاندا بتوانن ریفۆرم بکەن،**



سالٌی دووهەزارو شەش سالٌی نارەزایەتی خەلٌکی کوردستان بو بەڕوی دەسەلاٌت دارانی پارتی ویەکێتی لە چەندین شارو شارۆچکە خۆپیشاندان سەری هەلٌدا ئەوەی جێگەی نیگەرانی شەقامی کوردییە ئەوە یە کەدەسەلاٌت دارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك ڕێزیان لەداواکانی خۆپیشاندەران نەگرت بەلٌکو بە پێچەوانەوە کەوتنە گرتن و زیندانی کردنی خۆپێشاندەران ئەم هەلٌسەکەو تەی حکومەت بەرامبەر خۆپیشاندە ران چەندین پرسیاری هینایە گۆڕێ کە دەسەلاٌتی کوردی بانگەشەی دیموکراتیەت دەکات بەم هەلٌویستانەی کە بەرامبەر داواکانی خۆپێشاندەران دەیگرنە بەر ناچنە خانەی دیکتا تۆرەکانی جیهانەوە ئایا دەسەلاٌتی کوردی دوای ئەم زنجیرە نارەزایەتییانە دەتوانێت ریفۆرم بکات ئیستا ئە م پرسیارەنە لەشاقامی کوردیدا جیگای مشتومرە. ڕۆژنامەی ئالاٌ بە باشی زانی لەریگایی تەوەرەیەکەوە رای چەند نوسەر و ڕۆشنبیری لەهەمبەر ئەم روداوانەی دوایدا وەر بگرێت بگرێت

**ئامادەکردنی : ئاسۆ**

**ئالاٌ :لەماوەی دوو مانگی رابردودا لەچەندین شارو شارۆچکەی کوردستان چەندین خۆپیشاندان سەریهەلٌدا، ئەو دەرهاویشتە سیاسیانە چی بوون کە بوونە هۆی سەرهەلٌدانی ئەم بارگرانیە لەنێوان دەسەلاٌت و هاولاٌتیاندا؟**

رێبین هەردی : سەرەتاترین شت ئەوەیە کە لە پاش روخانی رژێمی بەعسەوە، هوشیاریەکی سیاسی تازە بەتاییەتی لەناو نەوەی نوێدا سەریهەلٌدا. بەر لە روخانی رژێمی بەعس تارادەیەکی زۆر ئەو بەهانەیەی حوکمڕانانی کوردستان بۆ کەموکوڕیەکان دەیانهێنایەوە، تارادەیەك قەناعەتی بەزۆرینەی خەلٌکی کردبوو. بوونی بایکۆتی نێودەولٌەتی لەسەر عێراق و بایکۆتی خودی عێراق لەسەر کوردستان و لەهەموو ئەمانەش ترسناکتر مانەوەی بەعس لە بەغدا کە هەمیشە هەڕەشەکی واقعی بووە بۆ سەر ژیان و مانەوەی کوردستان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ، هەموو ئەمانە وایان لەخەلٌکی کردبوو ئەوەندەی تەماشای جولٌەی دەوروبەر و ئەو هەڕەشە دەرەکیانە بکەن کە لەسەر کوردستان هەیە، نیو هێندە گوێنەدەنە ئەو کەموکوڕیانەی لەناو بەرەی ناوخۆدا هەیە. خەلٌکی هێشتا ژیانی تالٌی سەردەمی بەعس و چیرۆکی گۆڕە بەکۆمەلٌەکانی ئەوەندە لەیادەوەریدا زیندوو بوو کە بەهەموو شێوەیەك ئامادەبوو هەموو شتێك قبولٌبکات جگە لەئەگەری گەڕانەوەی بەعس .بەلاٌم لەدوای روخانی بەعس و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، هەموو ئەم قەناعەت و واقعە سیاسیانە گۆڕان.ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو خەلٌکی تەماشای بەرەی ناوخۆ بکەن و بەسەر ئەو کەموکوڕیانەدا باز نەدەن کە لە ئیدارەکردنی ئابوری و سیاسی کوردستاندا هەیە بەدرێژایی ئەم ماوەیەش نەوەیەکی تازە لەدایك بوو بوو کە نەك دڕندەی سەردەمی بەعس بەلٌکو رۆژە تاریکەکانی شەڕی ناوخۆ و گەندەلٌی ئیداری و ناداد پەروەری لەدابەشکردنی شانسی ژیان و کاردا بینی بوو. ئەم ئەوەیە ئەگەرچی لە پیش روخانیشەوە دەنگی نارەزایەکانی دەبیسترا، بەلاٌم لەدوای روخانەوە دەرفەتێکی تەواو و بابەتی بۆ رەخسا بۆئەوەی پتر لەهەمو کاتێك نارەزاییەکانی خۆی بەدەنگی

بەرز ڕاگەیەنێت. لەکۆڕێکدا ئەم حاڵەتەم بە پاشەکشێی گوتاری مانەوە وەسفکرد و سەرهەڵدانی گوتارێکی دی کە گوتاری ڕەخنەگرانەیە. ئەم گوتارە بە پێچەوانەی گوتاری مانەوە قسە لە"ئێمە" وەك یەکەیەکی یەکگرتوو ناکات، بەڵکو سەرنج لە ناکۆکی و دژایەتیەکی ناو ئەم "ئێمە"یە دەدات.لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە چاوەڕوانیەکانی خەڵکی گەورەتر و فراوانتربوو، گەلێکیش لەو داوایانەی بەر لەڕوخان داوای دەکرد، گۆڕانیان بەسەردا هات. بۆ نمونە گەر بەر لەڕوخانی ڕژێم داوای سەرەکی خەڵکی کوردستان پتر لەدەوری کۆتایهاتنی شەڕی ناوخۆ دەسوڕایەوە و خەمی سەرەکی بریتی بوو لەیەکڕیزی هێزە سیاسیەکانی کوردستان، ئەوا لەدوای ڕوخانی ڕژێمە ئەم داوایانە جێگەی خۆی دا بە داواکردنی پەرلەمانێکی کارا و ململانێیەکی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن و دەسلاتدارێتیەکی چاودێریکراو. بەڵام لەبری ئەمانە خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنێکی بینی کە هەردوو هێزە سیاسیە سەرەکیەکەی کوردستان بەیەك لیست دابەزین و بەمکارەشیان هەموو ئومێدێکیان بە پەرلەمانێکی چالاك و چاودێرکەری حکومەت، لایەنیکەم بۆ ماوەیەك لەدەستدا. هەموو ئەمانە پێکەوە بوونە هۆی ئەوەی نارەزاییەکانی خەڵکی شکڵی خۆپیشاندان وەربگرن.

ئالا:**ئایا دەسەڵاتی کوردی لەتوانایدا هەیە ریفۆرمبکات وەك خۆیان لەراگەیاندنەکاندا باسیدەکەن؟ ئایا ئەو سیستەمی دەسەڵاتی کوردی بەڕێوەی دەبات، دەتوانرێت ریفۆرمی تیا بکرێت؟**

ڕێبین هەردی :تەماشاکا! وەك لەشوێنێکی دیدا گوتومە هەمیشە ریفۆرم ئەگەرێکی مومکینە. هیچ دەسەڵاتێك نیە توانای ریفۆرمی نەبێت. ئەو دەسەلاتانەی ریفۆرمی تیا ناکرێت لەبەرئەوەیە کە نایانەوێت ریفۆرم بکەن. لەکوێ ویستن هەبوو، هەر لەویش توانای ئە نجامدان هەیە. ئیرادەی مرۆڤە مێژوو دروستدەکات .ڕاستە هەمیشە کۆمەڵێك لەمە پەڕی بابەتی و دەرەکی هەن کە ئەگەری گۆڕان ئەستەم دەکەن، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت گەر بیەوێت و ئیرادە بکات کۆی ئەو هەلومەرجە بگۆڕێت. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە هیچ ریفۆرمیکی ڕاستەقینە لەکوردستاندا ناکرێت گەر دەستکاری ئەو سیستەمە سیاسیە نەکات کە لەکوردستاندا باڵادەستە. هەڵەیە گەر وابزانین کێشەی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك کەسایەتی بەرپرسیار و هەندێك بەرپرسی نامەسئول، هەڵەیە وابزانین کێشەکە لە کەسێتێکاندایە. بەڵکو کێشەکە لەبوونی جۆرێك لەسیستەمی سیاسیدایە کە ڕێگەیەکی کراوەی بۆ گەندەڵی ئیداری و تابەرپرسیارێتی کردۆتەوە. تا ئەم سیستەمە حیزبۆکراتیە لەکوردستاندا باڵادەست بێت، هیچ ئەگەری ریفۆرمێکی ڕاستەقینە نیە. دەبێ باڵادەستی حیزب بەسەر بازاڕ و حکومەتدا کۆتایی پێبێت، پەرلەمانێکمان هەبێت بان حیزبی و توانای لێپرسینەوەی و چاودیرکردنی هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت، دادگایەکی سەربەخۆمان هەبێت کە دەسەڵاتی لەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی دیەوە بێت.هیچ یەك لەمانەش مومکین نیە گەر میلیشیای حیزبی هەڵنەوەشێتەوە و سوپایەك دروستنەکرێت کە تەنها ملکەچی فەرمانی حکومەت و دەزگا ڕەسمیەکانی بێت .بێ ئەم گۆڕانکاریانە یان لایەنیکەم ئەو هەنگاوانەی بەرەو سیستەمێکی لە مجۆرەمان دەبن، هیچ گۆڕانێکی ی ناتوانێت چاکسازی لەکوردستاندا بکات. بەڵام ئایا ئەگەری ئە نجامدانی ئەم هەنگاوانە هەن؟ نازانم! بەڵام ئەوە دەزانم ریفۆرم شتێك نیە هەڵبژێری، بەڵکو پرۆسەیەکی ناچاریە بۆ هەر دەسەڵات و حوکمرانیەك کە دەیەوێت لەسەر کورسی دەسەڵات بمێنێتەوە. ریفۆرم چەند ڕزگاربوونە لە سیستەمێکی گەندەڵ، دە هێندەش ڕزگارکردنی دەسەڵاتێکە لە ڕوخان. مێژوو پێماندەڵێت ئەو دەسەڵاتانەی ریفۆرم ناکەن و گۆڕانکاری و چاکسازی لەسیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی خۆیاندا ناکەن، درەنگ یان زوو دەبێ بڕۆن و بچن بەژێر مێژووەوە.

ئالا:**لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەدا لەناو هەموو چین و توێژەکاندا نارەزایەتی هەبوو، بەڵام تەنها توێژی لاوان هاتنە سەر شەقامەکان و ئەوەی دەبینرا ژنان هیچ حزورێکیان لەم ڕێپێوانانەدا نەبوو، پرسیارەکە ئەوەیە چ هۆکارێك هەبووە بۆ نەبوونی حرزوری چینی و توێژەکانی تر لە ڕێپێوانەکاندا؟**

ڕیبین هەردی: یەکێك لە گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی دا پچڕانی هێز و گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە لەیەکدی. لایەنکیەمی پەیوەندی لەنێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدنیدا نیە، ئەوەی لەبواری ژناندا ڕودەدات و ڕێکخراوی ژنان بەخۆیەوە خەریکدەکات، هیچ سەدا و کاردانەوەیەك لای ڕێکخراوەکانی دی دروستناکات، ئەوەی لەبواری خوێندکاریدا ڕوودەدات دورە لە گرنگی پێدانی گروپەکانی دیەوە و بەمشێوەیە. هۆیەکی سەرەکی ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستی حیزبە سیاسیە کاریگەرەکان بەسەر زوربەی ڕێکخراوەکاندا.خاڵێکی دی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بڕێکی زۆر لە خوپیشاندانەکان بەتوندوتیژی

**گەیشت و لەهەندێك حالەتدا گەیشت بەكوشتن. ئەم دۆخە جۆرێك لەترسی لەزوربەی گروپەكاندا دروستكرد كە مێژویەكی تاڵی لەگەڵ توندوتیژیدا هەیە. لە سیستەمێكی دیموكراتدا بیرۆكەی خۆپیشان لەبنەرەتدا یەكێكە لەرێگە هێمن و ئارامەكانی گۆرانكاری. خۆپیشاندان ئەڵتەرناتیڤی پەنابردنە بۆ توندوتیژی و یەكێكیە لە میكانزیمە رێگە پێدراوەكانی گۆڕانكاری. كاتێك ئەم رێگە هێمنە بەتوندوتیژی دەگات،خەڵكێكی زۆر سڵی لێدەكەنەوە. بەڵام ترس لە خۆپیشاندان سەرەتایەكی ترسناكی پەنابردنە بۆ كاری سیاسی نهێنی. پەنابردنە بەر كاری سیاسی نهێنیش سەرەتای دارمانی سیاسی كۆمەڵگایەكە. خاڵێكی دی پەیوەندی بەنائومێدیەكی رەشبینانەوە هەیە كە بڕوای وایە سیاسەت هەمیشە بریتیە لەگەمەیەكی پڕ لەگەندەڵی و هیچ شتێك ناگۆڕێت. برێكی زۆر لەبێدەنگی گروپەكانی دی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە. واتە زۆرێك بڕوایانوایە گەمەی دەسەڵات چ بە دەست كورد یان بێگانەوە بێت، هەر یەك شوناسی هەیە و جیاواز نیە لەیەكدی. كەنعان مەكیە لەنوسینەكانیدا قسەیەك راست دەكات كاتێك دەڵێت، یەكێك لە شتە ترسناكەكانی بەعس ئەنجامیدا ئەوەیە ئەو قەناعەتەی لای خەڵك دروستكرد كە سیاسەت بریتە لە درۆیەكی بەردەوام و ئەمەش دۆخی سروشتی و ئاسایی سیاسەتە. ئەم قەناعەتە ترسناكە كە بەرهەمی دەیان ساڵ حوكمی بەعسە هەر لەسەرەتاوە سیاسەت و حوكمڕانی بەكارێكی گەندەڵ و پڕ درۆ دادەنێت و لێرەوە هیچ پێشهات و رووداوێك توشی شۆكی ناكات. ئەمەش وایلیدەكات بە بێهودەییەوە تەماشای ئەو روداو و كارانە بكا كە لەدەوروبەریدا روودەدەن و هیچ كاردانەوەیك لە خۆی پیشاندات. كە خەڵكیك لەسەرەتاوە بڕوای وابێت هەموو بەرپرس و حوكمڕانێك دز و گەندەڵە، ئیدی هەواڵی هیچ گەندەڵی و فەسادێك نایجوڵێنێت.بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم خۆپیشاندانانەی دوایی جوڵەیەكی خستە ئەم بێدەنگیەوە. لایەنیكەم هەواڵی خۆپیشاندانەكە توانی تەنانەت هەندێك پەرەی هەفتەنامەكانی ژنانیش بەخۆیەوە خەریكبكات.خەڵكێكی زۆری والیكرد قسەی لەبارەوە بكەن و بەگرنگی بزانن. ژمارەی ئەو وتارانەی لەسەر ئەم روداوە نوسران كەمنەبوون.تەماشاكا! ئەوەی روداوێك دروستدەكات تەنها بكەرەكانی سەر شانۆكە نین، بەڵكو بینەرەكانیشین. لە فەیلەسوفی ئەڵمانی كانتەوە ئەم وانەیە فێر بووین، گرنگ كارەكتەرە راستەوخۆكانی ناو روداو نیە، بەڵكو گرنگ ئەو گۆرانەیە كە لەهوشیاری سەیركەرانی روداوەكەدا روودەدات. هەمو خۆپیشاندانێك لەهەمانكاتدا ئاشكرا كردنێكە. ئاشكراكردنی كەموكوڕی و نادا پەروەریەك كە هەر ئێستا لەگۆڕێیە. لەبەر ئەوە پیموایە گرنگ لە ژمارەی ئەو كەسانەدا نیە كە بەشداری راستەوخۆی روداوەكەیان كردووە، بەڵكو گرنگ ئەو دەوروبەر و فەزایەیە كە شایەتی روداوەكەن. بەڵام دیارە تۆراستدەكەیت ئەوەی بەكردەوە جوڵا تەنها توێژێكی لاوان بوون.بەتایبەتی ئەو توێژە لاوەی كە چاوەروانی و ئومێدەكانی بەتاییەتی لەدوای روخانی رژێمەوە گەورەتر و فراوانتربوون.**

ئالأ: لەماوەی دومانگی رابردودا لەچەندین شارو شارۆچكەیكوردستان چەندین خوپیشاندان سەری هەڵدا دەمەویت بپرسم ئەودەرهاویشتەسیاسیانە چی بون كەبونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بارگرژیە لەنێوان دەسەڵات و هاوڵاتیان دا

نەریمان تالیب: سەرهەڵدانی ئەو بارگرژییە، زادەی پەیوەندی نێوان دەسەلأت و هاوڵاتیانە،دەرەنجامی سیاسەتبەڕێوەبردنێكەكە ئەمڕۆ ئیترشێوازەكەی بەسەرچووە،كاردانەوەی هاوڵاتیانە لە بەرانبەر كۆمەڵێك گفت و بەڵێن كە نەهاتوونەتە دی، وایدەبینم دەسەڵاتی سیاسیمان لە ناوەندی دوو قۆناغدا وەستاوە، كە هەردەبێت بەرەوە پێشەوە بچێت نەك بۆ دواوە بگەڕێتەوە، ئەو بارگرژییە پەیوەندی بەو دوونیابینیەوە هەیە كە دەسەڵاتەكەمان بەهۆیەوە لە خەڵك و رووداوەكان دەڕوانێت، دەسەڵاتی كوردستان حەزدەكات پێشبكەوێت، بەڵام بەرلەوە دەبێت، رابردووە پڕلە هەڵەكانی خۆی دادگایی بكات، راشكاوانە پەنجە بخاتە سەر هەڵەكانی خۆی و راستیان بكاتەوە، هەرهێندە ئینەف نییە پێی بووترێت دەسەڵاتی سیاسی كوردستانی، دەبێت بەڕاستی متمانەی خەڵك بەدەست بهێنێت، متمانەش لەرێگەی پرۆسەیەكی زانستیانەوە دروست دەبێت، كاتێك خەڵك كەڵكی كارو بڕیارێكی دەسەلات دەبینێت و دەیگاتێت، بێگومان لە بەرانبەردا كاردانەوەیەكی باشی دەبێت، بەلام كە خەڵك دێتە سەرجادەو تووڕەیە، ئەوە مانای وایە هێشتا دەسەڵات زۆر داواكاری خەڵكی بەجێنەهێناوە، بەدیهاتنی ئەو داواكارییانەش تەنیا بەو تەنازوولە دێت كە پێویستە دەسەلات بۆ خەڵكی بكات، جا ئیتر ئەو تەنازوولە لە بەشێكی دەسەڵاتەكانی بێت یان لە بەشێكی داهاتەكانی بێت، پێویستە دەسەڵاتەكان و داهاتەكان بۆ هەردوولا بێت، دەسەلات لەو دابەشكردنەدا دوودڵە، ئەوحەزدەكات

پێی بگووترێت دیموکراتخوازو ئازادیبەخش و مۆدێرن و ریفۆرمخوازە، بەلام ئەوەی تێگەیشتبم حەزدەکات بەکەمترین رێژەی تەنازوول کردن لە دەسەلاتەکانی خۆی و لەو ئازادییەی کە دەیبەخشێت، ئەم کارە بکات، دەسەلاتەکەمان لە تێڕوانین وشیکردنەوەی پێشهاتەکاندا هێشتا گوتارێك بەکاردەهێنێت کە گوتاری بیانوو هێنانەوەو لابردنی گوناهی قەیرانەکانە لەسەر خۆی، وازی لە سایکۆلۆژیای ئێمە قووربانی و دوژمنەکانمان جەلاد نەهێناوە، ئەمڕۆ دەسەلات دێت دەڵێت هەرهێندەمان لە توانادایە بەلام خەلك پێی بڕوا ناکات و داوای زیاتر دەکات، ئەمەش پەیوەندی بەو وێنەوەیە کە دەسەلات لە سەرەتاوە بۆخۆی کێشابوو، دەسەڵاتی کوردی لە زۆر قۆناغی تەمەنیدا خۆی وا نیشانداوە کە بەدیلیی هەموو شتەکانی دیکەیە، گەر ئەم نەبێت نە ئەزموون و نە گەلی کوردستانیش نامێنن، ئەمڕۆش خەلك لەسەر ئەو بنەمایەیە ئەو هەموو داوایەی لە دەسەڵات هەیەو چاوەڕێی زۆرتری لێدەکات، هەربۆیە ناچارە (شەفاف) تر بێت و باجی هەڵەکانی بدات، ئازادی و داهات و هەلی کارکردن بەیەکسانی بۆهەمووان بێت.

**ئاڵا**:ئایادەسەڵاتی کوردی لەتوانای داهەیە کەریفۆرم بکات وە ك خۆیان لەڕاگەیاندنەکانیانداباسی دەکەن ؟ ئایا ئەو سیتمەی دەسەلای کوردی بەرێوەدەبات دەتوانرێت ریفۆرمی تێدا بکرێت

نەریمان تالیب: ریفۆرم گۆڕینی شکلی هێزەکان و بەرژەوەندییەکانیان و کەسەکان نییە، بەڵکو گۆڕینی جیهانبینییەکی دیاریکراوو پەیوەندییەکانییەتی، دەسەڵاتی سیاسیمان بەم حاڵ و هەلومەرجەی ئێستایەوە نەخێر ناتوانێت ریفۆرم بکات، چونکە پێم وایە دەسەلاتی سیاسی کوردستانی حاڵی حازر هێشتا لە کۆمەڵە کەسانێك پێك هاتووە، کە گرفتەکە لەوەدایە کۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەتی کۆیان دەکاتەوە، نەك بریتی بێت لە پێکهاتەیەك کەلە کەسان و کۆمەڵێك دەزگای مۆدێرن پێك هاتبێت کە لەبەردەم یاسادا بەرپرسیاربن، گرفتێکی دیکە لەوەدایە ئەو بەرژەوەندییە تایبەتیانە گرێدراوە بەکۆمەڵێك بەرژەوەندی دیکەوە کە وا دەخرێتەبەرچاووی خەلك کە بەرژەوەندی حزب و نەتەوەو ئەزموون و ئایندەی هەرێمی فیدراڵی کوردستانن، بۆیاخ کردنی ئەو بەرژەوەندییانە بە سیماو پێداویستییەکانی حزب و نەتەوەوە، لەم قۆناغەدا ترسناکترین هەڕەشەن بۆ هەر کەس و رەوتێکی ریفۆرمخوازاز کە داوا بکات لە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا ریفۆرم بکرێت، تەنانەت گەر ئەوکەسە بە دەسەلاترین پیاوی کوردستانیش بێت، ریفۆرم نەك تەنیا لە ناو سیستمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ناکرێت، بەڵکو گومان لەوەش دەکەم حزبە سیاسییەکانیش لەناو ئۆرگانەکانی خۆشیاندا بتوانن ریفۆرم بکەن، جگەلە بوون و یەکگرتنی ئەو بەرژەوەندییانەو رۆژ بەڕۆژ گەورەبوون و فراوان بوونیان، سیستمەکەش بۆخۆی سیستمێکی ریفۆرمخواز نەبووە، ریفۆرم دێت جارێکی دی زۆربەی شتەکان بنیات دەنێتەوەو سروشتی پەیوەندیەکان دادەڕێژێتەوە، لەوەدا کۆمەڵێکی زۆر لە کەسانی خودی دەسەلات زیانیان پێدەگات، ئەمانیش لەو زیانەدا پەخەی یاساو دەزگایەکی دیاریکراوو سیستمێکی ریشەداکوتراو ناگرن ، بەڵکو یەخەی کەسە دەسڕۆیشتووەکانی حزبەکەیان دەگرن، لەویێوەیە ریفۆرم سەقامگیری و ریزەکانی حزبەکان دەخاتە بەرهەڕەشەو ئەمەش بۆخۆی تۆماتیکی وادەکات ریفۆرم ئەنجام نەدرێت. ئەمڕۆ کەسان لە یاسا و لە دەزگاکان و لە هەرجۆرە ریفۆرمێك مەزنترو پیرۆزترن، گەر بمانەوێت ریفۆرم ئەنجام ، بدەین دەبێت ئەم پیرۆزییە لەو کەسانە بسەنینەوەو پێشکەش بەو دەزگایانەی بکەین کە لە 1992ەوە دامان مەزراندوون، هەروەها پێویستیمان بە دیدو هزرێکی نوێ و هێزێکی پشت بەستوو بە یاساو دەزگا هەیە.

**ئاڵا**: لەخوپیشاندانەکانی ئەم دوایانەدا لەنیوان هەموچین تویژەکانی کۆمەلگا دا ناڕەزاییەتی هەبوو بەلاّم تەنها تویژی لاوان هاتنە سەرشەقامەکان وە ئەوەی دەبینرا ژنان هیچ حزوریکیان نەبوو لەم ڕێپێوانانەدا پرسیارەکە ئەوە یە چ هۆکارێك هەبوە بو نەبونی حزوری چین وتویژەکانی تر لەڕێپیوانەکاندا

نەریمان تالیب ئەوە کۆمەڵگەی کوردستانیی و ئاستی گەشەی هۆشیارییەکەیەتی بڕیاردەدات لەو قۆناغەدا قەوارەی ئەو جۆرە خۆنیشاندانانە چەندە بێت و کێ بەشداری تیادا بکات، ئەمە مانای وانییە تەنیا توێژی لاوان ناڕازین و توێژەکانی دیکەی

کۆمەڵگە رازین، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە کەوتنی لەمپەرێکی سایکۆلۆژییەوە هەیە، کە ڕەنگبێ سەرچاوەکەی ترس یان شەرم بێت کەوا جۆرە چاوەڕوانی و دانبەخۆداگرتنێکی بە توێژەکانی دیکە داوە، لە دروست بوونی ئەو لەمپەرەدا گووتارو مەرجەعێتە شۆڕشگێڕانەکەی دەسەلاتە سیاسیەکەمان کاریگەری خۆی هەبووە بەتایبەتی لەسەر ئەو توێژانەی کە هاوتەمەنی قۆناغی شاخ و شۆڕشگێڕێتی ئەو حزبە سیاسیانە بوون، گرنگ نییە کام توێژە بوو بەشداریەکی زۆری لەو خۆنیشاندانانەدا کردووە، گرنگ ئەوەیە لەنێوان خەڵك و دەسەلاتە سیاسیەکەیدا، پەیوەندییەکی نوێ داهێنرا، پەیوەندییەك کەلە سەرشەقامەکاندا بەڕێوەدەچێت نەك لە هۆڵەکاندا، پەیوەندییەکە کە ئەگەر بیەوێت بەردەوام بێت، پێویستە تا سەر لە چوارچێوەی یاسا دەرنەچێت، ڕەنگبێ ڕێبەرایەتی کردنی لاوان و گەنجان بۆ ئەوەش بگەڕێتەوە کە ئەوان یەکێکن لەو توێژە دەگمەنانەی کۆمەڵگە کە هیچ بەرژەوەندییەکی وایان نییە لێی بترسن، چونکە وتنی (نا) لەبەرانبەر دەسەلاتدا، بۆ کۆمەڵگەیەك کە زۆرترین وەخت هەر(بەڵی)ی وتبێت کارێکی سانا نییە، هەربۆیە دەبینین، ئەم نایە یەکەم جار بەوشێوە فراوانە لەو توێژەوە دەرەچێت کە هیچی نییە لێی بترسێت، یان لەگەڵ یادەوەری شۆڕشگێرانەی دەسەلاتدا یادگارییەکی راستەوخۆی نییە، لێرەوەیە دەسەلاتی سیاسیمان پێویستی بە خولقاندنی ماناو بەهای نوێ هەیە، کە وەلامدەرەوەی داواکاریەکانی ئێستا بن، هەربۆیە بەشداری کردنی توێژەکانی دیکە، دەکەوێتە سەر ئازایەتی دەسەلاتی سیاسی بۆ بەدیهێنای داواکارییەکان و پاراستنی جوانییەکانی ئەو شانازیانەی کە لە رابردوودا بەدەستی هێناوە.